کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
15-8-2007 13:20 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## باڕۆژنامەکانمان بوێربن ... هەردی شەفیق

ئەگەربڵێین ڕۆژنامەکانمان هیچ ڕۆڵێکیان نەگێڕاوە ناهەقیەکی گەورەئەکەین ئەگەربشڵێین بەڕاستی



بوونەتە دەسەڵاتی چوارەم ناهەقیەکی گەورەترئەکەین. ئەگەربەوردی سەرنج بدەین بەرلە دروست بونی ڕۆژنامەی هاوڵاتی ڕۆژنامەگەری ئازادیەکی ئەوتۆی تێدا نەدەبینرا کەبتوانی بەئاشکراو بێپەردە حەقیقەتەکان بخاتە بەرچاوی خەڵك زیاتر لەوێنەو وتاری حیزبی و هەواڵی حیزبیدا خۆی ئەبینیەوە. لەدوای بڵاوبونەوەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی و چەند ڕۆژنامەیەکی ئازادی تر بواری ڕۆژنامەگەری کرانەوەیەکی تری بەخۆیەوە بینی و تاڕادەیەك هەندێك ڕۆژنامە حیزبیەکانیش بۆئەوەی ڕێژەی خوێنەرانیان دانەبەزێت بۆ (سفر) ناچاربوون گرنگی بدەن بەگلەیی و گازاندەی هاوڵاتیان و تاڕادەیەکیش گرنگی بەرەخنەبدەن. ڕۆژنامە نوسی کەلەوڵاتە ئازادەکاندا ڕۆڵی دەسەڵاتی چوارەم دەبینی ئەتوانێت کۆدەنگیەك دروست بکات دەسەڵاتێك بگۆڕێت. ئەتوانێت کۆدەنگیەك دروست بکات تەواوی خەڵك بڕژێنێتە سەرجادە. ئەتوانێت ڕۆحیەتێك دروست بکات تەواوی خەڵك لەسەر جادەکانەوە بگوێزێتەوە بۆ بەرەکانی جەنگ.

ئەگەر سەرنج بدەین بە ڕۆژنامە ئازادەکانیشەوە لەئاشکراکردنی گەندەڵی و کارکردن بۆ بەخۆدا چونەوەی دەسەڵات هێشتا قەترەیەك بوەلە دەریایەك. ناکرێت ئێمە ئەوە لەبیرخۆمان بەرینەوە ڕۆژنامە نوس هیچ کات فەرشی سوری لەژێرپێدا ڕاناخرێت و ڕێگای گوڵڕێژ ناکرێت بەڵکو کاری ڕۆژنامە نوسی دروست لەکاری پێشمەرگەیەك ئەچێت لەبەرەکانی جەنگدا تەنها جیاوازیش ئەوەیە ئەم چەکەکەی دەستی قەڵەمەو ئەو باروت. ئەوەشمان لەیاد نەچێت هەردووکیان لەسنوری خزمەتکردن بەنیشتماندا کاردەکەن و دەرچون لەو سنورەش دەرچوونە لەڕاستگۆیی و ڕاستە ڕێ ی خزمەت کردن.

ئەگەر سەرنج بدەین لەم وڵاتەدا دنیایەك هەواڵی سەیر سەیر دەبیستی لەسەرچاوەی باوەڕپێکراوی خودی حیزبەکانەوە کەچی ڕۆژنامەکان وەك هیچیان نەبیستبی و گرنگی پێنادەن ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ترسان لەزیندان و داخستنی ڕۆژنامەکە. ئەمە لەکاتێکدایە بانگەشەی چاونەترسی و شەڕکردن لەگەڵ نابوتیەکان ی دەسەڵات ئەکەن و وبانگەشەی ئەوەئەکەن دەسەڵات ئەگێڕنەوە بۆسەر ڕاستە ڕێ ی خزمەتکردن. یالەبەر خاتری گرتن و نزیك بوونەوە چاوپۆشیەکی زۆر دەکرێت چ وەك تاك و چ وەك حیزب کەڕەنگە سەرە ڕای مەترسی لەڕوی مادیشەوە بەرژەوەندی ڕۆژنامەکە بخاتە مەترسیەوەکە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ دووهۆکار یەکەمیان داخستنی ڕۆژنامەکەو دووەمیان گرتن و زیندانی کردن.

خاڵێکی ناشیرینی ئێستای ڕۆژنامەنوسی ئەوەیە کاتێك بابەتێك یاهەواڵێك ئەنوسن کەزۆر زەق و بەرچاوەو کۆمەڵێك حەقیقەت ئەخەنە ڕو زیاتر لەوەی مەبەستی خزمەتکردن بێت (کە خزمەت کردنیشە کاتێك حەقیقەتێك ئاشکرابکات و بوختان نەبێت) سەیر دەکەیت دەستی کەسێکی لەپشتە هەڵی ئەسوڕێنی و لەدژی کەسی تر بەکاری دێنی و زیاتر کی بەرکی ی کەسێکی تری لەپشتەوەیە تا ئەوەی حەقیقەت خستنە سەر ڕوپەڕی ڕۆژنامە بێت، زیاتر هەوڵی ناشیرین کردنە و دژایەتی کردنە تا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕاست کردنەوەی کەسێك. هەرئەمەشە وا ئەکات خەریکە کلتورێك دروست ئەبێت لەهەوڵی ناشیرین کردن و پاك وپیسی پێکەوە تێدا ناشیرین ئەکرێت و لەوێشەوە شەڕەکە دەبێتە شەڕی بوختان و حەقیقەت بەدەردی مەلەوانە درۆزنەکەی لێدێت.

ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین گەندەڵی خەریکە ئایندەی ئەم میللەتە بەرەو چارەنوسی مەرگ وژێر پۆستاڵی داگیر کاری دوژمنان ئەباتەوە خەریکە ئینتیمای کورد بون ئەکوژی. کەم کەس ئیمانی بەچارەسەرکردنی گەندەڵیش ماوە لەنێو خودی حیزبەکانیشدا تەنها پارە ڕۆڵ دەگێڕی نەك بیرو باوەڕ کەئەمەش گەورە ترین کارەساتە بەتایبەت لەئێستادا کە کێشەی کەرکوك وشەڕی دەوڵەتانی دراوسێمان لەبەردەم ئەگەرو نەگەر دایە و زۆرینەی بەرپرسەکانیشمان هێندەی گرنگی بە پێکەوەنانی سامان و خۆ دەوڵەمەند کردن ئەدەن بە چارەکێکی ئەوە گرنگی بە ئایندەی ئەم میلەتە نادەن کە ئایندەی پارچەکانی تری کوردستان یشی پێوە بەندە. جێگەی داخە ئەو هەراو هەڵایەی ڕاپۆرتی دەرەوەی ئەمریکا ویوئێن وهیومان ڕایتس وچ سازیانکرد لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەبوو ڕۆژنامەکانی خۆمان سازیان کردبا (ناڵێم نەکراوە بەڵام لەئاستی پێویستدا نەبووە) ئێستاش کەهەردوو دیاردەی گەندەڵی و ژن کوژی ئەم وڵاتە ی لەدەرەوە نابووت کردوە هەقە چیتر ڕۆژنامەکان لی ی بێدەنگ نەبن. ژن کوژی کە خەریکە لەدەرەوە کوردی پێئەناسرێتەوەو گەندەڵیش کەخەریکە ناو خۆ وێران ئەکات. بەڕاستی کارکردنیش هەرئەوەنیە بڵێن بەڵی گەندەڵی بونی هەیە سەروەت و سامانی بەرپرسان بخرێتە ژێر پرسیارەوەو بخرێتە سەر ڕوپەڕی ڕۆژنامەکان و لەورێگەوە حوکومەت ناچار بکرێت بە سامانەکانیاندا بچێتەوە و سنورێك بۆ بەفیرۆدان و بەهەدەردانی پارە دابنرێت. یاکێشەی فرە ژنی وئەو چیرۆکانەی لێرەو لەوی لەسەر بەرپرسەکان بڵاو دەکرێتەوە ئەگەر حەقیقەتی نیە با جوا ب بدرێتەوە ئەگەر حەقیقەتیشی هەیە بواری ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنوسی ئێمە تاکەی سڵ لەحەقیقەتەکان بکات هەموو مان بڵاو بونەوەی پەیوەندی سەرۆکی پێشوی ئەمریکا (بیل کلینتۆن) و (مۆنیکا لوینسکی) مان لەبیرە ڕاگەیاندن لەو وڵاتە چۆن سەرۆکی بردە بەردەم دادگاو چی هەڵایەکی نایەوە. لەکاتێکدا پەیوەندی سێکسی لەو وڵاتە ئازادە کەچی ڕۆژنامەو میدیاکان لێنەگەڕان بەو سادەییە بەسەریدا تێپەڕێت. بەڵام لەم وڵاتە کەس نیە نەزانێت چی دەگوزەری و چەند پارە لوش ئەدرێت و هەمیشە حوکومەت بەوە تاوانبار ئەکرێت کەتاکە کەسێکی نەداوەتە دادگا بەبێ ئەوەی ڕۆژنامەکان خۆیان حەقیقەتی کاری گەندەڵی کەسێکیان ئاشکرا کردبی. یا پارەی بەرپرسێك و جۆری خراپەکاریەکانیان بەبەڵگەوە خستبێتە سەر ڕوپەڕی ڕۆژنامەیەك لەوەش وا وەیلاتر یائەو پارەو خزمەتەیان ئاشکراکردبی دەدرێت بەکۆنە جاش و مستەشارو فەرمانبەری بندیوار.

http://www. saidsadiq. net/hardi. htm

jgarsoz8181@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.